# پیر نالی مۆردینی شاعیرێکی گومناوی کورده

**نامق هەورامی**
namqhawramy@yahoo.com

میژوی ئەدەبی کوردی لاپەرەکانی رازاوەن بەچەندین هۆنیاری بەتوانا ، وەلێ جەوری رۆژگار وای کردووه کەهەندێك لەو شاعیرانە نەناسرێن وبگرە زۆرێك لەبەرهەمەکانیان لەبەین بچن .

ئیدی ئەگەر بۆ ئەو فاکتەرانە بگەرێین وای کرووه زۆرێك لەبەرهەمی نوسەرانمان لەنێو بچێت دەبێت لەسەر زۆرێك بابەت قسە بکەین ، گرنگترینیان بەلای منەوە داگیرکاری بێگانان بووەبۆ ولاّتەکەمان وسرینەوەو وەلانانی داب ونەریت وکولتورو فەرهەنگی لەمێژینەمان و هێنانی کەلتورێکی تروسەپاندنی بەسەرماندا .

دیارە داگیرکردن و ئەنفالی عەقلّ لەگشت چتێ لەو شتگەلە گرنگترە کەداگیرکەرێك دێت وخاکێك داگیر دەکات و بەرهەم وکانزاکانی بۆخۆی دەبات ، ئێمە وەختێك داگیر کراین ، داگیرکەران هەرچی جوانیەکانمان هەبوو وەل خۆیان بردیان وئێمەش دەست وپێ سپی ماینەوە .

لەم نێوندەدا بەتەنێ ناوچە سەرکەشەکانی هەورامان وناوچە کانی دیکەی قەلّەمرەوی ئەم زاراوەیە توانیان هەندێك لەو سامانە گرنگە بپارێزێت ،ئیدی لەساتە وەختەکانی سەرەتای هاتنی هۆردوی بێگانەوەبێت یان لەبەردەوامی داگیرکاریدا یەکێك لەو سەرچاوە گرنگانەی ئەورۆ لەبەردەستا ماون تەنها

﴿ نامەی سەرەنجام ﴾١ و دەفتەرەکانی ئەهلی هەق کەوەك کانیەکی سازگار ورەوان مرۆ بتوانێ بەدوی شاعیرو هۆنیارانیدا بگەرێت و جارێکی دیکە شرۆڤەی بەیت و کەلاّمی شاعیرە کوردەکانمان بکات .

ئەگەر بەچاوێکی ویژدان بینانەوە لەو دەفتەر گەلەبنۆرین هەق وایە دەستەو نەزەر لەبەردەم ئەو پیر ورابەرە ئاینیانەدا بوەستین کە ئەو دەقانەیان بەخەلّکی سادە ئەز بەر کردولەفەوتان پاراستیان وسنگی یارانی خۆیان کردە ئەرشیفێکی گەورە بۆ ئەولەبەین چونە .

لێتان ناشارمەوە بەدرێژایی چوار سالّی رەبەق تەمەنی خۆمم تەرخان کرد بۆ گەران بەدوی ئەو کتێب ونوسراوانەو لێکۆلّینەوە لەبارەیانەوە لەهە ر جێگەیەك لاپەرەیەکم شك بردبێت بۆی چوم ، گۆران وتەنی ئەگەر هەزار درك لەپێم چەقیبێت . رەەنگە لەم ماوەدا توانیبێتم هەندێك بابەتی ناوازە بدۆزمەوە .لەگەلّ ئەوەشدا پرسی ئەملاو ئەولا و خۆماندوکردنێکی زۆر بۆ ساغ کردنەوەی وشەیەك بۆ ئەوەی بەهەلّەدا نەچم .

لەلای پەیرەوانی ئەهلی هەق چەندین جێگای پیرۆز هەن و لەکتێب وبەیت وکەلاّمەکانیاندا باسیان لێکراوە .

(مۆردین ) لەوگوندە جوان ورازاوانەی دەڤەری هەلّەبجەو لەسنوری ﴿ ئێراق / ئێراندا ﴾ و لەرۆخی ئاوی سیروانی پیرۆزدایە ، ئەم گوندە یەکێکە لەجێگا پیرۆزەکانی ئەهلی هە ق ولەچەندین جێگەی ﴿سەرەنجام ﴾٢ داناوی هاتوە .

کاکەییەکان لەتەواوی جێگاکانی خۆیاندا بەر لەگشت چتێ بیریان لەدروست کردنی قەلاّ کردۆتەوە بۆخۆپاراستن لەدوژمنانی ئاینەکەیان ، (قەلاّی مۆردین )یەکێکە لەو قەلاّسەختانەی کاکەییەکان بەرامبەر قەلاّی (سیمان)دروست کراوە کە رۆخانە بەنێوانیاندا دەگوزەرێت ،ئەم قەلاّیەش هەمان پیرۆزی قەلاّی مۆردینی هەیە ، (پیر خالقی ئەردەبیلی ) شاعیرێکی بزورگ ویەکێك لە ئەلّقەی حەفتاو دوپیرەو هاوەلّێکی نزیکی سان سەهاکی بەرزنجەیی بووە لەبارەی پیرۆزی قەلاّکەوە ئێژێت :

<u>وست ئەوکۆی سیمان ، وست ئەوکۆی سیمان</u>

<u>بارگەی شام لوا ، وست ئەو کۆی سیمان</u>

<u>دەرمان دەردم داروی حەکیمان</u>

<u>راگەی یاریەن وەدیدەو وەگیان</u>

<u>ئی دین بەرحەقەن باوەرمێ ئیمان</u>

واتە /بارگەو بنەی شاو سەروەرەکەم لەکێوی سیمان هەلّیداوە ،شیفاو دەوای دەردم دەوای حەکیمان وچونە سەر رێگەی یارسانە ،ئەم ئاینە هەقەو دەبێت یەدلّ وبەگیان باوەری پێ بهێنین . ئەگەر چی وەك نمونە ئەم بەیتەمان باس کرد بەلاّم ئەسلّی بابەتەکە ﴿ مۆردین ، پیر نالیە ﴾ وەك وتمان ئەو گوندە یەکێکە لەجێگە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق

www.kurdistannet.org

﴿ عابدینی جاف ﴾ یەکێکە لەکەڵە هۆنیارانی کوردو رابەرێکی ئاینی گەورەی کاکەییەکانە لەسەرەنجامدا دەفتەرێکی بەناوی ﴿ دەورەی عابدین ﴾ هەیە و لەبەندی ٢١ی دەفتەرەکەیدا هەندێك جێگای پیرۆز باس دەکات کەمۆردین یەکێکە لەو جێگایانە :

| | |
|---|---|
| بەپێی وتەیی سەرەنجامم | لەشارەزور مەی بنۆشە |
| لەشارەزورە ئەنجامم | لەویٚ چەند شار زۆر تەیارە |
| یارم لەویٚ ئەدا کامم | ئەو شارانە گشت ئی یارە |
| لەبادە پر ئەکا جامم | گەر خاس بی لەم رۆژیارە |
| سارێژ ئەکا ڕیش وزامم | شاری کەرکوك لەتۆ دیارە |
| تابگەمە هیمی و دامم | مۆردین وزاو و شارباژێر |
| من عابدینی هەورامم | چیژۆ پاڵەو خارو پاتیر |
| دڵداری جوانی خواجامم | سەراوو سازان باژێر |
| یاران جێگەم گەڵێ خۆشە | خونکار داینا بۆ یار ئەژێر |
| تۆیش بۆ یاری تێبکۆشە | هەوەڵ یارە ، ئاخر یارە |
| چونکە بیٚ یار دڵ پروشە | وەگشت چتیٚ ئاگادارە |

﴿پیر نەرەی بالاٌنبۆیی ﴾یش هۆنیارێکی تری کوردەو لەسەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە ، لەبارەی مۆردینەوە دەڵێت:

ئەو مۆردینەوە ئەو مۆردینەوە، بارگەی شام وستەن ئەو مۆردینەوە

سر هاوەسینەی بنیا مینەوە، پیر و پیر عالی یەك یەك دینەوە

واتە/ لەمۆردیندا بارگەی شام هەڵیداوەو نهێنی ئەم ئاینە وا لەسینگی پیر بنیا میندا و لەگەڵ پیر عالی دا لەویٚ یەکیان دی .

لە پەراوی سەرەنجامدا لەبارەی پیرۆز بونی ئەم گوندەوە ئەفسانەیەك باس کراوە کە :

**پیر بنیامین وپیر عالی دوویاری سانسەهاکن و هەردووك لەسەر زیاتر تۆکمەو جەماوەری بوونی خۆیان لە باوەر و پیرایەتیدا لەگوندی مۆردین زۆرانیان گرتووە ئەنجام پیر بنیامین پیر عالی بەزەویدا دەدات و خۆی دەبێتە یەکەمینە .**

لەبارەی شاعیرەوە :

لاتان سەیر نەبێت کەخودی خەڵکی مۆردین ئەم شاعیرەیان ناناسن لەگەڵ زۆرێك لەریش سپی و خوێندەوارانی ئەم گوندەدا پرسی ئەو شاعیرەم کرد جێگەی نیگەرانییە نەیاندەناسی .

﴿مەلا کەریمی مۆردین ﴾ یەکێکە لە پیاوە بەتەمەن وخوێندەوارەکانی ئەو دێیە،بەو پێیە مەلاکانی کوردستان بەتایبەت کۆنەکان بارتەقایی زانستە ئاینیەکان شارەزای گوڵزاری شاعیرانی کۆنن.بەسەرچاوەیەکی باشم زانی ، وەلیٚ ئەویش هێچ زانیاریەکی لەو بارەیەوە نەبوو ن،ناچار پرسیم گۆرو نەزەرگەی هیچ ﴿ پیر ﴾ یٚك لە ناوچەیەدا نییە؟

ناوی ﴿ پیرهۆمەر ﴾ یەکیان باس کرد کەگۆرەکەی لەگۆرستانی گوندەکەدایە ، ئەمە سەرەداوێکی باش بوو بەدەستم کەوت و بیرۆکەی ئەم نوسینەی لەلا دروست کردم .

پاش گەرانێکی ورد بەنێو ئەو سەرچاوەو دەفتەرانەی ئەهلی هەق کەلەبردەسان هیچ ناوێکی لەو چەشنەم بەرچاو نەکەوت ،دواتر لەئەنجامی لێك دانەوەی خۆمدا ئەو راستیەم لەلا دروست بوو کە کەسێك نییە بەوناوەوە و ئەوە پیر نالیەکەی لەمەر خۆمانە کراوەتە پیر هۆمەر ، وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم بەوەدا کەشتە جوانەکانمان دزران و دیرۆکمان قەلاٌخی درا بەسەریدا .

لێرەدا بۆ سەلماندنی قسەکانم پشت بەم دوو بەڵگەیە دەبەستم :

**١–پیر / بەواتای رابەرو مورشید دێت و لەئاییینی ئەهلی هەقدا ژمارەیان ٧٢پیرەو لەو ژمارەیەدا کەسێك نییە بەناوی هۆمەرەوە ،پیر لای کاکەییەکان بەرزترین پایەیەو شاو موریدەکان لە(جەمخانە) دا سەری پیٚ دەسپێرن ولە نزیکترین نزیکەکانی سان سەهاکن و ئەم پایە ئاینیە بەتەنیٚ لەلای زەردەشتیەکان و ئێزیدیەکان و کاکەیەکانەدا هەیە**

**٢– ئەهلی هەق لەسەردەمی سوڵتان ئیسحاقەوە پیر لەناو ئاینەکەیاندا وەك پایە دەرکەوتووە ئەمانیش**

**﴿ واتە ئەهلی هەق ﴾ ەکان خۆیان بەپەیرەوو بەندەی ﴿ عەلی کوری ئەبوو تالب ﴾دەزانن وبە ﴿ عەلی ئیلاهی ﴾ ناسراون و باوەریان وایە خوا لەتەنی بەشەردا لەعەلیدا دەرکەوتووەو بەخوای دەزانن .**

www.kurdistannet.org

بەرادەیەك کەیەکتر دەبینن ئەوەی لەرێوە دیێت دەڵی ﴿ یاعەلی ﴾ دوەمیش بە ﴿ مەولا عەلی ﴾وەڵامی دەداتەوە ، بەم پێیە لەگەڵ شیعەکاندا لەهەندێك خاڵدا هاوبەشن بەتایبەت لەناوزەد کردندا ،ئەگەرچی ئەمە لەراستیەوە دورەو عەلی دوورو نزیك هیچ پەیوەندییەکی بەو ئاییەنەوە نیە ولەسەردەمی سانسەهاکی بەرزنجییەوە ئەم ناوە تێکەڵ بەوئاییەنە کرا دیارەئەوەش رەنگدانەوەی بیری سانسەهاکە چونکە لەبنەماڵەی ساداتی بەرزنجەیەو ساداتیش خۆیان تەعریب کردوەو رەچەڵکیان دەبەنەوە سەر عەلی .

کەوابوو ﴿ هۆمەر ﴾ بەکوردی کراوی ناوی ﴿ عومەر﴾ە ولای ئەوان شتی لەو جۆرە نییە ،هەرچی ئاینی ئیسلامیشە ﴿ پیر ﴾ وەك پایەیەك لەپایە ئاینێکانیدانییە ،کەواتە بێدو دڵیٚ دەڵێم ئەوە مەزاری پیرۆزی پیر نالی مۆردینیە نەك پیر هۆمەر .

پیرنالی شاعیرێکی هەست ناسك و زمان پاراو بووە و سەرجەم تێکستە شیعرێکانی لەبازنەی ئایینداری ئەهلی هەقدان .

پیرنالی مۆردینی کوری شیخ عەتایی شارەزورییە و ساڵی ٦٦٢کۆچی لەمۆردین لەدایك بووە، باوکی مەلایەکی ناودارو چەندین خویندەواری پێگەیاندووە، ،نالی لەسەردەمی مناڵیدا لای باوکی قورئان وریٚزمان وئەدەبی عەرەبی خوێندووە پاشان بۆتە فەقیٚ ولای (مەلا ئەلیاسی ) شارەزوری کەسەر سەختترین رکە بەری رێو رچەی یاری بووە ، دەرسی قورئان وحەدیس و فیقهی خوێندووە وهەر لای مەلا ئەلیاس ئیجازەی مەلا یەتی وەرگرتووە .

ئەو زانینە وەڵامی پرسیارەکانی ئەو لاوەی لەلا نەبووە بۆیە وەك کەسێکی سەمەنەرو وێڵی دوی و ەڵامی پرسیارەکانی ناخی رێی ﴿شێخانی ﴾٣ گرتە بەر و چۆتە لای( سان )٤ وئاینی (یاری)٥ قبووڵ کردوە ولەماوەیەکی کەمدا بوەتە یەکێك لەحەفتاو دوو پیرو یارانی سان سەهاك .

دواتر گەراوەتەوە زێدی خۆی وخەرێچکی بڵاو کردنەوەی ئاینەکەی بووە و لەماوەیەکی کەمدا زۆرێك لایەنگری پەیدا کردووە .پیر نالی وەك چۆن شاعیرێکی زمان پاراو بووە﴿ تەمورە ﴾ ژەنێکی لیٚهاتوش بووە هەمیشە لە (جەم )٦ەکانیدا کەلامی خوێندووەو تەمورەشی لیٚداوە .

بەپێی نامەی سەرەنجام لەپیر نالیەوە گەلێك شیعر بەجیٚ ماوە بەڵام ئەوەی لەبەردەستایە تەنها دوو تێکستە و لەدەفتەری ﴿ بارگە بارگە ﴾ بەندی پێنجدا بڵاو کراونەتەوە .

**تێکستی یەکەم:**

سوار بارگایی ، سوار بارگایی
ئەزوەفیدات بم، سوار بارگایی
چەوگا قوتت وەرد چێچگا زیایی
شام وەشارەزوور بارگەت ئامایی
هاوەدەستەوە زولفەقار شایی
تیغت مەورۆ نەگاو تامایی
وەکۆی غوڵامان تۆ بدەر رایی
یاران جفت یاری باران وەجایی
ئەودڵی یەکتر بدان جەلایی
پادشام مەیۆ ئەوسەر صەلایی

**تێکستی دووەم:**

وست ئەوکۆی جەمهور، وست ئەوکۆی جەمهور
بارگەی شام لوا ، وست ئەوکۆی جەمهور
شام نامش گوبی نەهیند کرد ضهور
ساقی نمانا جام ان طهور
شەترنج بەر ئاورد ئەوپەری پەنجی
هەر پەنج سیتیزان نەدەور گەنجی
سەرجەم نەجەمدا ئی پە نجە سەنجی
نامی خاوەندکار وانا وەخەنجی

پەراوێزەکان:

١–نامەی سەرەنجام کتێبی پیرۆز و نامەکانی ( ئەهلی هەق )ە ، لەسەدەی حەوتەم وهەشتەمی کۆچیدا نوسراوە ، ئەم کتێبە ( کەلامی خەزانە ) شی پیٚ دەوترێت .

سەرەنجام پێك هاتووە لەشەش بەش :

١- بارگە بارگە ٢- دەورەی حەوتەوانە ٣- گڵێم وكۆڵ

٤- دەورەی چل تەن ٥- دەورەی عابدین ٦- وردە سەرەنجام

هەندێکی تر لەپەیرەوانی یاری بەم کتێبە دەڵێن ( دەفتەر ) و بەبەیتەکانی دەڵێن (کەلأم ) و بەرابەرانیان دەڵێن ( کەلأم خوێن ) .

کەلأمەکانی سەرەنجام بەشێوەی هۆنراوەو بەزاراوەی (گۆران )ی نوسراون جگەلە کەلأمەکانی عابدینی جاف ونەرگز خانم کەبەشێوەی جافی نوسراون وهەندێك لەکەلأمەکانی دەروێش ئاجاقیش بەتورکی نوسراون .

وێرای سەرەنجام کاکەییەکان ئەم کتێبانەی تریشیاتن هەیە :

١- دەورەی بەهلوول ٢-دەورەی بابا سەرهەنگ ٣-دەورەی شاخۆ شین ٤- دەورەی باباناوس

٥- دەورەی بابا جەلیل ٦- دەورەی شندرویٚ ٧-دەورەی پیر عالی ٨- دەورەی دامیار

٩-دەورەی شاوەیس قولی ١٠- دەفتەری پەردیوەر ١١- دەفتەری ساوا ١٢- دەفتەری دیوان گەورە

١٣- زلال زلا ل ١٤- کەلأمی سەید خامۆش ١٥- کەلأمی ئێل بەگی جاف ١٦- کەلأمی خان ئەلْماس

١٧- کەلأمی شا تەیمور ١٨- کەلأمی زولفەقار ١٩- کەلأمی قاصید ٢٠- کەلأمی نەورۆز

٢١- کەلأمی حەیدەری ٢٢- کەلأمی جەناب ٢٣- کەلأمی مجرم ٢٤- کەلأمی دەرۆێش قولی

٢٥- کەلأمی دەروێش ئاجاق .

زۆربەی هەرەزۆری ئەم کەلأمانە پارێزراون بەهۆی لەبەر کردنیان لەلایەن یارانەوە .

٢- عابدینی جاف یان عابدینی باش چاوەش ، مەلایەکی ناودار و قوتابیەکی زیرەکی مەلا ئەلیاسی شارەزوری بووە ، ساڵی ٧٢٠کۆچی لەشارەزور لەدایك بووە هەر لەویٚ ئیجازەی مەلایەتی وەرگتوە ، وانەی فەلسەفەی لای مەلا غەفوری شارەزووری خوێندووە ، زۆر لەژێر کاریگەری فەلسەفەی عیرفانیدا بووە لەئاکامدا عیرفان کەمەنکێشی کردوو لەدێی (شێخان ) گیرساوەتەوە و لەسەر دەستی سوڵتان ئیسحاق

رێ ورچەی یاری وەرگرتووە و بوەتە یەکێك لەیار وهاوەڵە نزیکەکانی سان سەهاك .

لادانی مەلا عابدین لەئاینی ئیسلام و چونە سەر رێ وشوێنی یاری بۆتە مایەی هەراسانی مەلاکانی شارەزور وچەندین تێکستی ئامۆژگاری وهەرەشە ئامێزیان بۆ نوسیوەوە داوایان لأ کردووە پەشیمان بێتەوە

مەلا قودووری شارەزوری لەم بارەیەوە دەڵێت :

<u>ئەمە بۆچ وا ئاخرت شەربوگە مەلا عابدین</u>

<u>جەهدو داخوازی دەکەی بۆ کاکەیی فەنا دین</u>

٣- شێخان مەڵبەندی بلأو بونەوەی رێو رچەی یاری یە ، ئەم گوندە دەکەوێتە باکوری رۆژ هەلأتی گوندی هاوار کەخاکی پیرۆزی کاکەییەکانە .

شێخان لەنزێك گوندی (دەودان )ی جاران کەئێستانەماوە لەلێواری رۆخانەدا دروست کراوە ،رووباری سیروان (رۆخانە ) کاتێك بەلای شێخاندا دەروات وێرای لێژی وخوری جێگاکەی بەلأم لەوێدا بێدەنگە .

دەگێرنەوە یەکێك لە یاران لەوبەری رۆخانەوە دەیەوێت سانسەهاك بانگ بکات بەلأم تافە تافو هەڵچونی ئاوەکە رێگە نادات لەوکاتەدا سەهاك بەئاوەکە ئێژیٚ ( ئارام بە ) ئاوەکە بێدەنگ دەبێت ، تا ئێستاش ئەو دێرە شیعرە لەسەر زاری خەڵکی ناوچەکەدا ماوە :

<u>یاکۆسەی هەجیج جە هەجیجەنە</u>

<u>یا سوڵتان ئیسحاق سیروان گێجەنە</u>

لەوسەردەمەدا ئەم ئاینە لەترۆپکی گەشە سەندندا بووە لێرەدا لەگەڵ ئەو رایەی (محەمەد عەلی سوڵتانی ) خاوەنی کتێبی ( قیام و نهضت علویان زاگروس ) دام کەبەرێزیان مامۆستای ئاینە کۆنەکانی ئیرانە لەزانکۆی تاران کەپێی وایە شێخان پایتەختی حوکمرانیەك بووە لەو سەردەمەدا وسان بەرێوەی بردووە.

٤- سان مەبەست لە سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجییە

٥– یاری بەو کەسانە دەوترێت کەپەیرەو کاری ئاینی ئەهلی هەقن و هاوەڵو یار و دۆستی سوڵتان ئیسحاقن ٦– جەم / کۆیونەوەی پەیرەوانی ئەهلی هەقە بۆ بەرێوە بردنی مەراسیمە ئاینیەکان وەك سەر سپاردن ونیاز وناونانی منالْ ،لەجەمدا پیر سرودی ئاینی دەخوێنێت لەگەڵ لێدانی تەمورەدا .

سەرچاوەکان/

١–نامە سرانجام
٢–کورد/مینورسکی /وەرگێرانی لەروسیەوەبۆ عەرەبی د.مارف خەزنەدار ، و.لەعەرەبیەوە حەمەسەعید حەمە کەریم
٣–مێژوی وێژەی کوردی١ /صدیق بۆرەکەیی ،چاپ اول ١٣٧٠ انتشارات ناجی –بانە /کردستان
٤–گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر –ژمارە٢–محەمەد عەلی سوڵتانی لەدیمانەیەکدا –نامق هەورامی
٥–کۆمەڵێك کاسێتی تایبەتی کاکەییەکان /خاوەنەکەی پێی خۆش نەبو ناوی بهێنم
٦–دەورەی بابا سەرهەنگ / دەسنوسێکی کۆنە
٧–خوێندنەوەیەکی هاوچەرخ بۆ ئاینێکی کۆن /کتێبێکی دەسنوسی نوسەری ئەم بابەتەیە

www.kurdistannet.org